# تاكەی كورد فێر نابێت ؟

فاضل قەرەداغی

26/7/2004

دیسانەوە ئیشی خراپ بەكورد رادەسپێرن.. بەلاّم ڕەنگە هەڵە بین و كورد خۆی وەكو نیشاندانی دڵسۆزی ئەو ئیشە خراپانە دەكات. رۆژی ٢٠٠٤/٧/٢٥ وەزیری دەرەوەی عیراق هۆشیار زێباری هەڕەشەی داخستنی نووسینگەی هەندێك لە كەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەكان كە لەعیراقدا ئیش دەكەن كرد كە ئەمە ئیشی وەزیری دەرەوەی وڵات نییە بەڵكو ئیشی وەزیری ناوخۆ یان هی راگەیاندنە ، دیارە ئەو كەناڵانە جەماوەرێكی فراوانیان هەیەو كاردانەوەی داخستنیان زۆر لەو ئافرەینیەی وەزیرە كوردە دەست دەكەوێت گەورەترە ئینجا هەقە بپرسین كورد چیی دەستدەكەوێت جگە لە زیاد كردنی ئەو ڕقەی بەرامبەر كورد دروست بووە بەهۆی ئەو ((هاوپەیمانێتی))یەی لەگەڵ ئەمریكادا هەیەتیۆ كە ئەنجامەكەی ئەوە بوو كە بینیمان ؟ خۆ زۆربەی ئەو شتانەی حكومەتی عیراقی نوێ بەدڵی نییە لەپەخشی ئەو كەناڵانە پەیوەندی بە عیراق بەگشتی هەیەو كەمێكی پەیوەندیی بەكوردەوە هەیە بگرە هێشتا ئەوانە لەزۆر شتی كورد خۆیان لا دەدەن و كەمجار شتێك پەخش دەكەن دژ بە كورد بێت كەچی كوردێك شەڕیان پێ دەفرۆشێت كە ئەو شەڕە ئیشی ئەو نییە. كەی كورد فێر دەبێت ؟ نازانین.. ڕەنگە هەرگیز فێر نەبێ تا ئەم سەركردایەتییە مابێت.